# نەریتە سواوەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەرکەکانی لیژنەی فەتوا و لیژنەی ئاشتەوایی قورستر دەکات

وەك ئاشکرایە لیژنەی فەتوای هەولێر و لیژنەی ئاشتەوایی هەموو ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە پێشوازی لە هاووڵاتییانی شاری هەولێر دەکەن، بۆ پرسیاری شەرعی و کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و جیابوونەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە دەبینین کێشەکانی ژن بە ژنی و بەدەل خوێن تا ئیستاش هەر ماوە و ڕۆژانە دەرهاوێشتە و کاریگەرییە خراپەکانی دەردەکەون .

دیارە لە سەردەمانی پێشووتر ژن بەژنی زۆر زۆر بوو و ئەگەر کەسێك خۆشکی نەبووایە، ژنهێنانی زۆر قورس دەبوو، ئەگەرچی بەشێك لە ئەنجامدەرانی ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو بوون، بەڵام چەندین کەیسی هاوسەرەکان کە ژن بە ژنی بوون، ئەنجامی خراپی لێکەوتووەتەوە، کە لایەنێك نەگونجاون و لێك جیابوونەتەوە، زۆرلە لایەنی دووەم کراوە، لێك جیا ببنەوە، بۆیە ڕوو لە دادگا و لیژنەی فەتوا دەکەن بۆ ئەنجامدانی تەڵاقی زۆرەملێ.

جێی باسە لیژنەی فەتوای هەولێر یەکەم جار ئەو کەیسانەی تایبەتن بە جیابوونەوە، ڕەوانەی لیژنەی ئاشتەوایی سەر بە لیژنەکەی خۆیان دەکەن و، هەوڵی جددییان لەگەڵ دەدەن بۆ ئاشتبوونەوە، ئەگەر ئاشت نەبوونەوە و هەردوو لا بە ڕەزامەندیی خۆیان بێت و مافی یەکتری بدەن، ئەوکات بە تەڵاقی خولعی تەڵاقیان بۆ ئەنجام دەدەن و دەرفەتی پەشیمانی و گەڕانەوەشیان هەیە. ئەوەی جێی نیگەرانی ئێمەیە هەندێك کەیس هەیە کە ژن بەژنییە و منداڵیان گەورەن و کچیان شوی کردووە و کوڕیان ژنی هێناوە، کەچی لایەنی بەرامبەر لەگەل ژنەکەی ڕێك نەکەوتوون و لێك جیابوونەتەوە، لایەنی دووەم زۆر لە کوڕەکەیان دەکەن کە ئەویش کچی وان تەڵاق بدات، لەبەر ئەوەی خوشکی ئەو تەلاق دراوە، گوێ نادەن بەوەی کە ژن و مێردەکەی تر کێشەیان هەبووە و ئەمانە بێ کێشەن، بۆ نموونە چەند مانگێك پێش ئێستا ژن و مێردێکی زۆر چاك و بەختەوەر سەردانی لیژنەی فەتوایان کرد و داوای جیابوونەوەیان پێشکەش کرد، لیژنەی ئاشتەوایی بۆیان دەرکەوت کە ئەمانە لایەنی دووەمن و بە زۆر لێك جیا دەبنەوە، ئەوان زۆر بە تامەزرۆییی تەماشای یەکتریان دەکرد و دەگریان، بۆیە لیژنەی ئاشتەوایی بڕیاریان دا کە نابێ لێك جیا ببنەوە و کەیسەکەیان دواخست، بەڵام بەداخەوە ژن ومێردەکە لە لیژنەکە پاڕانەوە کە جیابوونەوەکەیان بۆ ئەنجام بدرێت، ئەگەرنا کێشەی کوشتن و خوێن ڕشتن دەکەوتە بەینی هەردوو بنەماڵە و ژیانیان لە مەترسیدا دەبوو.

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێ:

(وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ) سورة فاطر، الآیة ١٧

واتە: کەس تاوانی کەسی تر وەرناگرێت، یەعنی کەس لە جیاتی کەس سزا نادرێت.

بەداخەوە کە لە ژن بە ژنی ئەم تاوانە ئەنجام دەدرێت .

هاوکات دەرهاوێشتە خراپەکانی بەدەل خوێنیش لە کۆمەڵگەی کوردی بوونی هەیە و چەندین خێزانی سەرگەردان کردووە، کاتێك شەڕێك دروست دەبێت و کەسێك، یان چەند کەسێك دەکوژرێن لە لایەن بنەماڵەی کوژراو لە بەدەل خوێن بڕە پارە و دواتر ژنیان لێیان دەوێت، ئینجا لەلایەن بنەماڵەی بکوژ

**کێشەکانی ژن بە ژنی و بەدەل خوێن تا ئیستاش هەر ماوە و ڕۆژانە دەرهاوێشتە و کاریگەرییە خراپەکانی دەردەکەون**



مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی

کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری
یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی
کوردستان

بۆ ئەوەی بکوژ نەکوژرێتەوە و سزای نەدرێت، ڕازی دەبن بە مەرجی بنەماڵەی کوژراو و کچێك بە زۆر دەدەن بە بنەماڵەی کوژراو و کچەکەش بێ ڕەزامەندیی خۆی و بەزۆر بە شوو دەدرێت، ئەمەش مادام بەبێ ڕەزامەندیی کچەکەیە، ئەو مارەییە دانامەزرێت، هەرچەندە دەڵێن وەلی ئەمر دەتوانێ کچی خۆی بەشوو بدات، بێ ئاگاداری کچەکە، ئەوە لە کاتێکە کە باوکێك ( ١٠٠٪) عەدالەتی هەبێت و لە بەرژەوەندیی کچەکەی بڕیار بدات و کچەکەش ئیزنی بابی وەکو (وەلی ئەمر)ی خۆی دابێت، ئەگەرنا ئەوە ستەمە و خودای گەورە قبوولی ناکات.

قال رسول الله - صلى الله عليه وسلم: (اتَّقُوا الظُّلْمَ، فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُماتٌ يَومَ القِيامَةِ) (أخرجه مسلم).

واتە: خۆتان لە ستەم دوور بگرن، ستەم تاریکیی ڕۆژی دواییە.

دەرهاوێشتە خراپەکانی نەریتە سواوەکانی کۆمەڵگەی کوردی تاوەکو ئەمڕۆش ژیانی کچان و ژنانی تاریك کردووە، بەداخەوە ئەو کاردانەوە خراپانەش بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

١: کچەکە زیرەك و خوێندەوار و جوانە، بەڵام لە کوڕێکی ناشرین و ناتەواو مارەی دەبڕن .

٢: زۆر جار کچە منداڵە و لە کەسێکی بە تەمەن مارەی دەبڕن .

٣: کچە هەر لە مارەبڕینەوە چاو بە فرمێسك و گریانە و دەنووزێتەوە تامردن .

٤: ماڵی خەزووری بە چاوی سووك و کۆیلە تەماشای دەکەن .

٥: ڕۆژانە ماڵی خەزوری سووکایەتی پێ دەکەن و هەرچی سووکایەتی و جنێو هەیە بە ماڵی بابی دەدن و هەستی بریندار دەکەن .

٦: لەلایەن مێردی و ماڵی خەزووری لە سەر کەمترین هەڵە تێر و پڕی لێ دەدەن .

٧: بۆ ماوەیەکی زۆر لێ ناگەڕێن سەردانی ماڵی بابی بکات و ئەگەر ئیزنیشی بدەن، ماوەیەکی کەم دەبێت کە چێژی لێ وەرنەگرێت.

٨: بێ هیچ پاساوێك ژنی دووەمی بەسەردا دێنن و دەیکەنە خزمەتکاری ژنی دووەم .

٩: بە چاوی سووك تەماشای منداڵەکانی دەکەن و بەردەوام ئازاریان دەدەن بۆ ئەوەی دایکیان ئازاری دەروونی بخوات .

١٠: لە جلوبەرگ و خواردن و سەفەر و زۆرێکی تر لە نیعمەتەکانی ژیان بێبەشی دەکەن .

یەکێکی تر کاتێك پیاوێك، یان کوڕێك لەسەر بابەتی نامووس کارێکی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، دیسان کچ دەبێتە قوربانیی برا بێ ڕەوشتەکەی و وەکو کاڵایەك دەدرێتە بنەماڵەی بەرامبەر کە ئەمەش هیچ پاساوێکی شەرعی بۆ نییە و هەرکەسێك بەشداری کردبێ لەم جۆرە ئاشتەواییانە، ئەوە ئەو دەبێتە ستەمکار و بنەمایەکی فیقهی مان هەیە کە دەڵێت (هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت) .

وە ئەوانەی پێشتر بە ناوی مەلا ئەو جۆرە مارە بڕینەیان ئەنجام دەدا زانا و شەرع زانەکان نەبوون و هیوادارین موسڵمانانی خۆشەویست خۆیان لەم جۆرە ستەمانە بە دوور بگرن.

**دەرهاوێشتە خراپەکانی نەریتە سواوەکانی کۆمەڵگەی کوردی تاوەکو ئەمڕۆش ژیانی کچان و ژنانی تاریک کردووە**

## د. سەرکەوت مەجید خۆشناو:

# ساڵانە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن



**د. سەرکەوت مەجید خۆشناو پزیشکی ڕاوێژکار بۆ چارەسەری گرێ و نەخۆشییەکانی شێرپەنجە/مامۆستا لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی کوردستان، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ئاماژە بەوە دەکات کە شێرپەنجەی مەمك باوترین جۆری شێرپەنجەیە لە ئافرەتاندا و بە پێویستیشی دەزانێت هۆشیاریی تەندروستی بگەیەندرێتە ئاستێك کە ئافرەتان ئەگەر نیشانەکانی تووشبوون لە خۆیان بەدەرکەوتن بە ئاسانی بیانناسنەوە. هەرلەو بارەیەوە کۆمەڵێك ڕێنمایی پزیشکی دەخاتەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**د. سەرکەوت مەجید خۆشناو سەرەتا بەمجۆرە باس لە شێرپەنجەی مەمك دەکات و دەڵێت:** «شێرپەنجەی مەمك باوترین شێرپەنجەی ئافرەتانە، دووەم هۆکاری مردنی ئافرەتانە لە دوای شێرپەنجەی سییەکان. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە هەر هەشت ئافرەت یەکێك تووشی شێرپەنجەی مەمك ئەبێت. ساڵانە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجەی مەمك دەبن.

شێرپەنجە بریتییە لە نەخۆشکەوتنی جینەکان. خانەکانی لەشی مرۆڤ بە سیستەمێك بەڕێوە دەچن، کە لەلایەن جینەکانەوە دیاری دەکرێت. بۆیە ئەگەر هەڵە لە کاری جینەکان دروست بوو، ئەوا هەڵە لە سیستەمی بەڕێوەچوونی خانەکان دروست دەبێت.

چەند هۆکارێکی بۆماوەیی و ژینگەیی بە یەکەوە دەچنە پاڵ یەك و دەبنە هۆی دروستبوونی بازدان لە جینەکان، کە دیارترینیان ئەمانەن:

هەتا تەمەن زیاتر بێت، ئەگەری ڕوودانی هەڵە لە کاری جینەکان زیاتر دەبێت، چونکە لە ناو خانەکانی لەش سیستەمی ڕێگریکردن لە ڕوودانی هەڵەی جینەکان هەیە، ئەو سیستەمە لەگەڵ زیادبوونی تەمەن بەرەو لاوازی دەڕوات. بە ڕێژەی ٨٠٪ شێرپەنجەی مەمك لەو ئافرەتانە ڕوو دەدات کە تەمەنیان لە پەنجا ساڵ زیاترە.

- جێندەر: هەتا یەك پیاو تووشی شێرپەنجەی مەمك دەبێت، سەد ئافرەت تووش دەبن.

- ڕەنگی پێست: لە ئەمریکا و ئەورووپا ئافرەتە سپی پێستەکان زیاتر تووشی شێرپەنجەی مەمك دەبن بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتە ڕەش پێستەکان.

- قەڵەوی: دوای تەمەنی پەنجا ساڵی، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك دوو جار زیاترە لە ئافرەتانی قەڵەو بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە قەڵەو نین.

- درێژیی باڵا: لە توێژینەوەیەك تێبینی کرا کە ئەو ئافرەتانەی درێژیی باڵایان لە ١٧٥سم زیاترە، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمك بیست لە سەد زیاترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی درێژییان لە ١٦٥سم کەمترە.

- هۆکارە هۆڕمۆنییەکان: ئەو هۆکارانەی کە وادەکەن خانەکانی مەمك زۆرتر بکەونە ژێر کاریگەریی هۆڕمۆنەکان، بریتین لە:

دەستپێکردنی سووڕی مانگانە لە تەمەنێکی بچووك، ڕاوەستانی سووڕی مانگانە لە تەمەنێکی گەورە، شیرنەدان، منداڵ نەبوون و بەکارهێنانی هۆڕمۆنی ژنانە.

هاوکات تێبینی کراوە کە ئەو ئافرەتانەی بە شێوەیەکی بەردەوام وەرزش دەکەن، ئەگەری تووشبوونیان ١٠٪ کەمترە.

خواردنێك كە دەوڵەمەند بێت بە سەوزە و میوە، ماسی و ڕۆنی زەیتوون ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك كەم دەكاتەوە، بەڵام كاریگەریی چەوری و گۆشت یەكلا نەبووەتەوە.

**هۆكارە هەڵسوكەوتییەكان:**

- خواردنەوەی كحول
- جگەرە كێشان
- كاركردن بە شەوان بۆ ماوەیەكی زۆر ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەكات.
- وەرگرتنی چارەسەری تیشكی بۆ گرێ لیمفاوییەكانی سنگ (بۆ نموونە بۆ چارەسەری لیمفۆما) ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەكات.

**هۆكارە بۆماوەییەكان:**

ئەو ژنانەی كە كەسێكی نزیكیان تووشی شێرپەنجەی مەمك بووە، ئەگەری تووشبوونیان زیاترە. بەڵكو شێرپەنجەی هێلكەدانیش لە كەسێكی نزیك ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەكات. .

(لەگەڵ ئەوەی كە ئەگەری تووشبوونیان زیاترە لە ڕووی زانستی پزیشكییەوە)، تەنانەت زۆربەی ئەوانەی تووشی شێرپەنجەی مەمك بوون، هیچ كەسێكی نزیكیان پێشتر تووش نەبووە.

پێشتر ئەو گومانە بڵاو ببووەوە كە گوایە ستیان جووڵە و تێپەڕبوونی شلەی لیمف لە بۆڕیە لیمفاوییەكانی ناو مەمك سست دەكات، یان ڕایدەگرێت و دەبێتە هۆكارێك بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك، بەڵام توێژینەوەیەكی نوێ كە زیاتر لە ١٥٠٠ ئافرەت باشدارییان تێدا كردبوو، پیشانی دا كە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان شێرپەنجەی مەمك و لەبەركردنی ستیان نییە.

هاوكات بەپێی ئەو توێژینەوانەی هەتا ئێستا كراون، پەیوەندیەكی بەهێز لە نێوان بەكارهێنانی حەبی مەنعی سكپڕی و شێرپەنجەی مەمك تێبینی نەكراوە».

**د. سەركەوت خۆشناو لە درێژەی وتەكانیدا ئامۆژگاری خانمان دەكات و دەڵێت:** «پشكنینی پێشوەختە (Screening) ڕێژەی مردن كەم دەكاتەوە و شێرپەنجەی مەمك لە قۆناغێكی زۆر سەرەتایی دەستنیشان دەكرێت و چارەسەری ئاسانتر دەبێت.» گوتیشی: «نیشانەكانی شێرپەنجەی مەمك بریتین لە:

پەیدابوونی گرێ لە مەمك، یان لە ژێر باڵ، هاوكات هەموو گرێیەكی مەمك شێرپەنجە نییە، تێبینی كراوە لە دەگرێ یەكیان شێرپەنجەیە و (نۆ)یەكەیدی حەمیدەن. گۆڕانی پێست: سووروونەوەی پێست، گەورەبوونی كونە پێستەكان (كە هەندێك جار بە پەلكە پرتەقال وەسف ئەكرێت، بێگومان هەموو سووربوونەوەیەكی پێستی مەمك شێرپەنجە نییە، زۆربەی جار هۆكارەكەی ئیلتیهاباتە. چوونە ژوورەوەی گۆی مەمك: گۆی مەمك ڕووی لە دەرەوەیە، ئەگەر ئافرەتێك هەستی كرد گۆی مەمكی لە ماوەی چەند حەفتەیەك بەرەو ناوەوە دەچێت، ئەوە لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت گرێیەك لە ناوەوە ڕایدەكێشێت. دەرچوونی خوێن، یان شلەیەك لە گۆی مەمك، خوران، یان حەساسیەی گۆی مەمك، یان دەور و بەری گۆی مەمك. گۆڕانی شێوە، یان قەبارەی مەمك. ژانی مەمك: زۆربەی جار ژانی مەمك بە هۆی هۆكارە حەمیدەكانە، بەڵام هەندێك جار لەوانەیە شێرپەنجەی مەمك لە سەرەتا وەكو ژان خۆی دەربخات. لەبەر ئەوە گرنگە كە ژانی مەمك (بەتایبەتی ئەگەر بەردەوام بێت) پشكنینی بۆ بكرێت.

دوای ئەوەی زانرا ئافرەتێك شێرپەنجەی مەمكی هەیە، نەخۆشەكە دەبێت دوو جۆر هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت: دیاریكردنی تایبەتمەندییەكانی شێرپەنجەكە و دیاریكردنی ڕاددەی تەشەنەكردنی نەخۆشییەكە لە لەش. ئەو دوو هەڵسەنگاندنە سوودیان لێ دەبیندرێت بۆ هەڵبژاردنی چارەسەری گونجاو.

(Grade). سێ گرێید هەیە: ١، ٢ یان ٣.. گرێید ١ واتە نەخۆشیەكە زۆر لەسەرەخۆ گەشە دەكات، گرێید ٣ واتە زۆر توندە و خێرا گەشە دەكات، وە گرێید٢ مام ناوەندە».

**سەبارەت بە چارەسەركردنیش گوتی:** «لە سەرەتای دەستنیشانكردنی شێرپەنجەی مەمك، دەبێت چەند دكتۆرێك لە چەند پسپۆڕییەكی جیاواز بە یەكەوە لەسەر بنەمای ستاندەردە جیهانییەكان پلانی چارەسەركردنی بۆ دابنێن، ئەو پسپۆڕانەش بریتین لە دكتۆری شێرپەنجە، دكتۆری تیشك، دكتۆری شانەزانی، دكتۆری نەشتەرگەری، دكتۆری چارەسەری تیشكی، دكتۆری جوانكاری، هەندێك جار پسپۆڕانی چارەسەری سرووشتی.

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی تووشی ئەو شێرپەنجەیە دەبن، یەكێك، یان زیاتر لەو چارەسەرانەیان پێ دەدرێت:

نەشتەرگەری، چارەسەری تیشكی، چارەسەری كیمیاوی، چارەسەری هۆڕمۆنی و چارەسەری ئاڕاستەكراو.

بەداخەوە شێرپەنجەی مەمك پاش چارەسەركردن توانای گەڕانەوەی هەیە، بۆیە ئەو نەخۆشانەی كە بە سەركەوتوویی شێرپەنجەكەیان چارەسەركراوە، دەبێت لەلایەن پزیشكێكی پسپۆڕی شێرپەنجە ناوە ناوە ببیندرێنەوە و پشكنینیان بۆ بكرێت بۆ ئەوەی ئەگەر نەخۆشییەكە گەڕاوە، زوو بزاندرێت و چارەسەری پێویستی بۆ بكرێت.

زۆربەی جار شێرپەنجەی مەمك لە دوو ساڵی یەكەمی دوای چارەسەر دەگەڕێتەوە، بۆیە لەو ماوەیە وا باشترە سێ مانگ جارێك سەردانی دكتۆرەكەی خۆی بكاتەوە. پاش دوو ساڵ ئەگەری گەڕانەوە بەرە بەرە كەمتر دەبێتەوە، بۆیە لە ساڵی سێیەم هەر چوار مانگ جارێك، لە ساڵی چوارەم و پێنجەم هەر شەش مانگ جارێك و لە ساڵی شەشەم هەتا ساڵی دەیەم ساڵێ جارێك سەردانی پزیشك بكەن.

**لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە هەر هەشت ئافرەت یەكێك تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبێت**

**خواردنێک کە دەوڵەمەند بێت بە سەوزە و میوە، ماسی و ڕۆنی زەیتوون ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک کەم دەکاتەوە**

**شێرپەنجەی مەمک پاش چارەسەرکردن توانای گەڕانەوەی هەیە**

# داوا دەكرێت بە یاسا گەرەنتیی مافەكانی ئافرەتانی رزگاربووی دەستی داعش بكرێت

حەوت ساڵ بەسەر كارەساتە خوێناوییەكەی شنگالدا تێدەپەڕێت. ئەو كارەساتەی كە رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ رووی دا و رێكخراوی تیرۆریستیی داعش بە شێوەیەكی زۆر دڕندانە و دوور لە هەر پێوەرێكی مرۆڤایەتی هێرشی كردە سەر شنگال و ژمارەیەك لە ئافرەتانی ئێزیدی لەلایەن ئەو گرووپەوە رفێندران و ژمارەیەكی زۆری پیاوان رەشەكوژ كران، ئەوەش وایكرد دانیشتووانی ناوچەكە ناچار بوون زێدی خۆیان بەجێبهێڵێن و ئاوارەی شارەكانی هەرێمی كوردستان بوون. ئەگەرچی لە ئێستادا بەشێكی ئەو ئافرەتە رفێندراوانە رزگار كراون و رۆژانەش پرۆسەی رزگاركردنیان بەردەوامە، بەڵام زامی ئەو كارساتە سارێژ نابێت و داوا دەكرێت لایەنە پێوەندیدارەكان ئاوڕی زیاتر لە خوشك و برا ئێزیدییەكانمان بدەنەوە.

گوڵان: كۆمەڵایەتی



دوای ئەوەی رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر شنگال و دەوروبەری، بە هۆیەوە نزیکەی ٤٠٠ هەزار کوردی ئێزیدی ئاوارە بوون، لە ١٢-١١-٢٠١٥ پێشمەرگە بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی هەڵمەتی رزگارکردنەوەی بۆ سەر شنگال بەرپا کرد و لە ١٣-١١-٢٠١٥ داعشی لێ وەدەرنا و ئازادی کردەوە، کەچی هێشتا برینی خەڵکەکە سارێژ نەببوو لە (١٧-١٠-٢٠١٧) حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان هێرشیان کردە سەر شنگال و جارێکی دیکە ناوچەکە داگیرکرایەوە و خەڵکەکەشی ئاوارە بوونەوە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە دیدی خۆیانەوە باس لە رەوشی قوربانیانی ئەو کارەساتە دەکەن.

خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزراەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، ئاماژەی بەوە کرد کە «بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠٢١/٥/٣ تازە کراوەتەوە، ژمارەی ئێزیدییەکانی عێراق ٥٥٠ هەزار کەسن، ژمارەی ئاوارەکان ٣٦٠ هەزار ئاوارەن، ژمارەی شەهیدان ١٢٩٣ شەهیدن و کۆی گشتی منداڵە هەتیوەکان ٢٧٤٥ منداڵن، تاوەکو ئێستا ٨٢ گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزیدییەکان لە شنگال دۆزراونەتەوە، وێڕای دەیان شوێنگەی گۆڕی تاکەکەسی، ٦٨ مەزار و مەرقەدی ئایینی لەلایەن داعشەوە تەقێندراوەتەوە، ٦٤١٧ کەس رفێندراون کە ٣٥٤٨ لە رەگەزی مێ، ٢٨٧٠ لە رەگەزی نێر، تاوەکو ئێستا ٣٥٤٥کەس ئازاد کراون، لەوانە ١٢٠٥ ئافرەتن و ٣٣٩ پیاون، ١٠٤٥ منداڵی کچ لەگەڵ ٩٥٦ منداڵی کور، ژمارەی ئەوانەی تا ئێستا دەستی رزگارکردنیان پێ نەگەیشتووە ٢٧٦٨ کەسن کە ١٢٩٨یان لە رەگەزی مێ و ١٤٧٠یان لە رەگەزی نێرن.»

سوعاد لالۆ چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت وەك خانمێکی ئێزیدی بەمجۆرە باس لە رەوشی کچان و ئافرەتانی ئێزیدی دەکات و دەڵێت: «دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر جینۆسایدی ئێزیدییەکان و ئەو ناسۆرانەی کە ئافرەتانی ئێزدی تێیدا ژیان و ئەو ستەمەی کە لێیان کرا، یاسایەك نییە کە گەرەنتی مافەکانیان بکات و ژیانێکی شکۆمەندانەیان بۆ دابین بکات، دەسپێشخەرییەك لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هەبوو بۆ ڕزگارکردنی ئەو بەزۆر ڕفێنراوانەی کە دەکرا ڕزگار بکرێن کە بە کردەیی هاوکار بوو لە ڕزگارکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو ئافرەتانە، لێرە و لەوێش هاوکاری هەبوو لەلایەن ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بەڵام بارودۆخی ڕزگاربووان پێویستی بە یاسایەك هەیە، بە پلەی یەك باری ئابورییان دابین بکات، هەروەها شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خۆیان و بۆ منداڵەکانیان و پێویستە ژیانێکی شکۆمەندانەی ئازادیان بۆ دابین بکرێت. بەم دواییانە پەرلەمانی عێراق یاسای ڕزگاربووانی دەرکرد کە بڕگە و ماددەی گرنگ لەخۆ دەگرێت و خۆزگە بە کردەیی جێبەجێ بکرێت. جێی باسە ئەو ئازارانە وایان کرد کوردانی ئێزیدی بۆ دەرەوەی وڵات کۆچ بکەن، تاوەکو ئازارەکانیان لە خاکی وڵات بەجێ بێڵن، ئەو وڵاتەی کە تێیدا دوچاری دزێوترین جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوە بوون.» گوتیشی: «تا ئیستا هیج دیار نەبووە لەسەر رەوشی رزگاربووان و دەخوازین بە زووترین کات ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی عێراق دەرچوو جێبەجێ بکرێت، داوکاریشم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری و پاڵپشتیی زیاتری رزگاربووان بکات، چونکە تاکە ئومێدی خەڵکی شنگال حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

رێکان عەبدولڕەحمان رێنماییکاری پەروەردەیی و دەروونییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ریکخراوی تیرۆرستیی داعش چەندین تاوان و کاری دوور لە مرۆڤایەتی و ژیان دۆستییان ئەنجام دا، کە کاریگەری و ئاسەوارەکانی تا ئێستاکەش لەسەر جەستە و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە بە جێ ماوە، هەڵبەتە داعش وەك رێکخراو و ئایدۆلۆژییەك خەڵك و بەتایبەتی گەنجانی هان دەدا بۆ پەرگیری و توندوتیژی، لەم سەروبەندەشدا تاوانی قیزەونی دەستدریژێکردنە سەر کچ و ژنانی ئێزیدی یەکێ بوو لە هەرە ناشیرینترین تاوانەکان، سەرەڕای کاریگەرییە کۆمەلایەتییەکانی بە تێکچوونی خێزان و ئاوارەبوون و وێرانبوونی خانوو و ژینگەیان کە ناچاربوون بە جێهێشتنی زێدی باب و باپیرانیان، جگە لە لایەنە نەرێنییە دەروونییەکانی بە دروستبوونی شۆکی دەروونی و تراوما، بەهۆی مانەوەی شوێنەوارەکانی دەستدرێژی و هەراسانکردنی سێکسی لەسەر کچان و ژنان». گوتیشی: «ئەگەر زیاتر تیشك بخەینە سەر ئەو ئاسەوار و ماکە بە جێماوانە بۆمان دەردەکەوێت، یا گریمانەی ئەوە دەکەین کە کچ و ژنانی ئێزیدی لە دوای ئەو رووداوەی وا بەسەریاندا هات، ئامادەگی دەروونییان تیا دروست بوو بۆ تووشبوون بە حاڵەتی زەبری دەروونی و دواتر بە تێپەڕبوونی کات و زیاتربوونی کاریگەری و نیشانەکان پەشێویی دەروونی و لە دواتردا حاڵەتی پەشێوی پاش زەبری دەروونی، ئەمانەش کات و هەولی زۆرتری دەوێت بۆ گەڕانەوە یا باشتربوونەوە بۆ باری پێشوویان، لێرەشدا رۆڵی چارەساز و رێنماییکارانی دەروونی بە شێوەیەکی دروست گرینگی خۆی هەیە، لە نیشانە باوەکانی دوای تراوما یا ئەوەی پێی دەوترێت زەبری دەروونی وەك (هەستیاربوون بە بچووکترین دەنگ کە ساتی رووداوەکە بەبیر قوربانی بهێنێتەوە، یا بینینی شتێك یا وێنە و ڤیدیۆیەکی هاوشێوەی رووداوەکە، دەبینی کەسەکە میزاجی دەشێوێت و ئاسایی نابێت و نیشانەکانی بە زەقی تیا دەردەکەوێت.».

ئەو رێنماییکاری پەروەردەییە جەختی لەوەش کردەوە کە «بە کارامەیی رێنماییکار و چارەساز هیچ نەبێت، دۆخی قوربانی و کەسی چارەخواز بەرەو باشتر دەڕوات و ئامادەکردنی بۆ چوونەوە نێو ژیان بە شێوەیەکی ئاسایی و سەربەرزانە مسۆگەر دەبێت، هاوکاری و پاڵپشتیی خێزان و دەوروبەر و جەختکردنی رێنماییکار لەسەر ئەو خاڵەش گرنگیی خۆی هەیە».

**تاوەکو ئێستا ٨٢ گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزیدییەکان لە شنگال دۆزراونەتەوە**

**٦٨ مەزار و مەرقەدی ئایینی لەلایەن داعشەوە تەقێندراوەتەوە، ٦٤١٧ کەس رفێندراون کە ٣٥٤٨ لە رەگەزی مێ، ٢٨٧٠ لە رەگەزی نێر**

**داوکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری و پاڵپشتیی زیاتری رزگاربووان بکات، چونکە تاکە ئومێدی خەڵکی شنگال حکومەتی هەرێمی کوردستانە**